# ولاّتێکی پڕ چەك و حکومەتێکی کەم چەك

## سالار بابەشێخ

چەك لە باشترین حاڵەتدا لە کۆگەکان دەڕزێ و لە خراپترین حاڵەتدا گیان لە گیاندار دەستێنێ، بەڵام بەداخەوە لەم سەردەمەدا (چەك و هێز) فاکتەریکی سەرەکین بۆ بونیاتنان و هێشتنەوەی هەر دەسەلاّتێکی سیاسی بە حکومەتی کوردستانیشەوە. ئەگەر بە ناخی هاوکێشە سیاسیەکاندا شۆڕ بینەوە و سەرەنجێکی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بدەین، دەبینین شیرازەی سیستەمی دسەلاّتی نەگریسی رژێمی بەعس بە تکاو پاڕانەوە تێك نەچوو، بەڵکو گورزی کوشندەی ئەمریکا بوو کە گەردەنی دیکتاتۆری عێراقی بەپەتی سێدارە ئاشنا کرد و نەیهێشت نهێنییەکانی ژنۆسایدی کورد و...هتد بدرکێنێ.

ئەگەرچی نیاز بەهێزی چەکدار و سوپا و تەنانەت وزەی ناوەکی و چەکی ئەتۆمی، بۆتە سەرباسی خواستەکانی دەوڵەتدارانی سەرلەبەری گێتی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە هەر هاوولاّتییەك "گانگستەر"ێك بێ و هەر شار ولادێیەك ببێتە "تەگساس"ی سەدەیەك لەمەوبەر! لە باشووری رزگارکراوی کوردستان و لە بەشێکی ولاّتە بێدەوڵەتەکەماندا کە گورگ و چەقەڵ چواردەوری تەنیوە، نزیك بە دوو دەیەیە هێشتا نەتوانراوە خەڵکی مەدەنی لەچەك داماڵدرێ و ئەمەش وەك قەیرانێکی چارەسەرنەکراو کاریگەری خراپی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگە داناوە و زیانێکی زۆری پێگەیاندووە. زۆرجار بینراوە و بیسراوە کە لە ئەنجامی هەڵچوونێکی کاتی و تەنانەت لەسەر نووکەی موبایل و دەمەقرەی دوو مێردمنداڵ، دوو خێزان سەنگەریان لەیەکتر گرتووە و جاری واش بووە دەستیان داوەتە چەکی قورس و بەوەشەوە نەوەستاون دوو عەشیرەت تێکەوەگلاّون! هەر لەم رۆژانەدا لە گەڕەکێکی هەولێری پایتەختی کوردستان، تەنیا بە تاوانی نێوبژێکردن و بە بێ بەشداریکردن لە شەڕەکەدا، (کیژخان) بوو بە قوربانی شەڕی دوو خێزانی دراوسێیان و چرای سۆزی دایکایەتی لەماڵەکەی بۆ هەتایی کوژایەوە! نەفرەت لەوەی کورد و سەرجەم نەتەوەکانی سەر گلۆپی زەوینی بە پەلەپیتکەی تفەنگ ئاشنا کرد. نەفرەت لە شەڕخوازان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێ کورد هەر "سەربەرد و رەقەن" بکێڵێ و بەهایەك بە ئەولەوییەتەکان نەدات. پێویستە وەك خۆی لە چەك و هێز بڕوانێ و بە هەر دوو رووەکەیدا کاری بۆ بکا و بەهای پێبدات، واتە لە لایەك ماڵ بەماڵی کوردستان لە بوونی چەك و تەقەمەنی پاك بکرێتەوە و تاکی کورد لەم " تەگساس"ە رزگار بکرێ، لەلایەکی دیکەوە پێشمەرگەخانە و سوپا و هێزەکانی بەرگری نەتەوەیی حکومەتی کوردستان بەپێی تەکنەلۆژی سەردەم پڕچەك بکرێن و تەنانەت هێزی ئاسمانی بۆ رۆژی مەبادا دابین بکرێ، بۆ ئەوەی هەر چاوچنۆکێکی دەرەکی کە ویستی خۆی بکا بە قوێغای کەرکوکی هەمیشە کوردستان، بیتاسێنن و هەر هێزێکی دەرەکی کە ویستی خۆی بکا بە ناوەندی بڕیار و لە جیاتی کورد چارەنووسی نەتەوەییمان دیاری بکات، بیکەن بە کای بەر شەن. هێز لە فەرهەنگی کوردیدا قەت ئەوە نەبووە کە هێرش بکاتە سەر گەلانی دیکە و بە درێژایی مێژوو تەنیا شەڕی خۆ هێشتنەوەی کردووە، بەڵام ناچارە خۆی بۆ هەموو بەرگرییەك ساز و تەیار بکات. نووسەری ئەم دێڕانە نایەوێ کورد وەك پەیمانگەی هونرە جوانەکان لە پەیوەندییە جوانەکان بێبەش بێت، بەڵکو ئاواتەخوازە بەبێ هەڕەشە و گوڕەشە مافە زەوتکراوەکان بۆ خاوەن مافەکان بگەڕێتەوە، بۆیە داواکارە:

با وازبێنین لە خۆخۆری و بیشیسەلمێنن کە بەکەس ناخورێن، چونکە شارستانییەت لەسەر دەستی کورد دامەزراوە و نابێ خۆمان لێی بێبەش بین. هەنگاوێکی لێبڕاوانە و گشتگیر دەتوانێ ئەو ئاواتەی (هەژار)ی زیندووویاد بێنێتە دی کە بە زمانێکی سادە و ساکار دەفەرمێ :

رۆژێ هەڵدەفڕێ هەزار تەیارە<br>
کە لەبن باڵی بژی کورد دیارە